**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

**ژمارەی بڕیار**:2

**ڕۆژی بڕیار**: 2006/2/26

# بڕیار

پشت بەستن بە حوکمی ماددەی(56) بڕگەی(3) لە یاسای ژمارە(1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو و ماددەی دەیەم بڕگەی(12) لە یاسای ژمارە(1)ی ساڵی 2005ی هەموار کراو، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق، لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە(3)ی ڕۆژی(2006/2/22)ی خۆیدا، بڕیاری بە یاساکاری کردنی ئەم بڕیارەی خوارەوەی د:

**یەکەم**:

دەستنیشانکردنی ڕێزدار نێچیرڤان ادریس بارزانی بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق و، دەستنیشانکردنی ڕێزدار عمر فتاح بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عیراق.

**دووەم**:

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پاش دەرچواندنی ئەم بڕیارە بۆ بەجێ هێنانی ماددەی (دووەم) لە یاسای ژمارە(2)ی ساڵی 2006، کە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (2005)ی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی پێ هـەموارکراوە، بـە فەرمی، ڕاسپاردنی هەردووکیان بۆ پێکهێنانی وەزارەت، لە ئەستۆ دەگرێ.

**سێیەم**:

ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوەو، لە ڕۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەرکار.

**عدنان ڕەشاد موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**